PEN Canada-writer –in-Exile-

# جەلال بەرزنجی شاعیر وەك نووسەری تاراوگە لەئەلبیرتا دەست نیشان دەكات

سەباحەت تاهیر

ڕێكخراوی قەڵەمی كەنەدی كە ڕێكخراوێكی ئینترناشنەڵە بۆ داكۆكی كردن لە مافی (ئازادی دەربڕین)بۆ نووسەران سپانسۆر كردنی ئەم نووسەرانەی لە وڵاتی خۆیاندا ژیانیان لە مەترسی دایە , ئەندامانی بۆردی ئەم ڕێكخراوە زۆربەیان نووسەرو شاعیری ناسراوی جیهانین, جەلال بەرزنجیان وەك نووسەری تاراوگە لە هەرێمی ئەلبیرتا دەستنیشان كرد. ئەم تایتلەش یەكەمین جارە دوای پێشنیاركردنی (گۆڤەرنێر گەنەراڵی كەنەدا) حاكمی كەنەدا پێڕەو دەكرێت . بیرۆكەی ئەم خەڵاتەش بۆ ئەوەیە دەرفەتێك بۆ نووسەرانی تاراوگە بخولقێنن بۆ ئەوەیەی بە چڕی كار لە سەر بەرهەمەكانیان بكەن ., بە هەردووك زمانی یەكەمیان (زمانی دایك )و زمانی ئینگلیزی .جگە لە كردنەوەی دوو ئۆفیسی تایبەت یەك لە(دانیشتگای ئەلبێرتاو) یەكێكیش لە سەنتەری شار بۆ كارەكردنی نووسەری تاراوگە لە سەر بەهەمەكانی و ڕیكخستن و ئۆرگەنایزكردنی نووسەرەكانی تاراوگە, سەندیكای نووسەرانی ئەلبێرتا بە هاوكاری قەڵەمی كەنەدا كۆڕ سیمنار بۆ نووسەری –تاراوگە لە زۆربەی پرۆڤینسەكانی تری كەنەدا ڕێك دەخات , هەلبژاردنی جەلال بەرزنجی لە سەر بنچینەی بەر هەمەكانی بوو كەوا وەك و دەیان نووسەری تر لە كەنەدا چەند شیعرێكی خۆی بە زمانی ئینگلیزی نارد بوو بۆ ئۆرگەنازێشنەكەو و شیعرەكانی ئەو خەلاتەكەیان بردەوە خەلاتەكە جگە لە ناو تاتلەكەی كەوا جەلال بەرزنجی یەكەمین كەسە پێی دراوە 3000 دۆلاریشە وجگە لەوەیش مانگانەو هەمووپێویستیەكانی بۆ و دابین دەكریت بۆ ئەوەی دەست بەتاڵ بێت بۆ نووسین .